ژوری توێژینەوەی سیاسی

بزوتنەوەی گۆڕان

# لێکەوتەکانی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان


گەیلان عەباس     هەڵمەت محمد     ئەنوەر کەریم





ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان

Tel: 009647481505010

Email: research.gorran@gmail.com

تشرینی دووەمی ٢٠١٧

# لێکەوتەکانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان


**گەیلان عەباس      هەڵمەت محەمەد      ئەنوەر کەریم**

**ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان**
**Tel: 009647481505010**
**Email: research.gorran@gmail.com**


**تشرینی دوەمی ٢٠١٧**

## پێڕست


پێشەکی ..... ٢
یەکەم. زیانەکان لەسەر ئاستی ئابوری ..... ٤
دووەم. زیانەکان لەسەر ئاستی خاکو جوگرافیا ..... ٢٢
سسێهەم. زیانەکان لەسەر ئاستی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان (ناوخۆییو هەرێمیو نێودەوڵەتی) ..... ٢٨
چوارەم. زیانە مادییو گیانییەکان ..... ٣٣
دەرئەنجام ..... ٣٥
سەرچاوەکان ..... ٣٨

## پێشەکی

ئامارژەکانی کۆتایی هاتنی شەڕی داعشو نەمانی مەترسی لەسەر هەرێمی کوردستانو سەرکەوتنی کورد لەو شەڕەدا، پاڵی بە بەشێک لە سەرکردایەتی سیاسی کورد بە تێکەڵکردنی مەرامی سیاسیو کەسی خۆیان، لە پاڵوروژاندنی هەستی نەتەوایەتی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بدەن، ئەوەش بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو هەڕەشەو مەترسیانەی کە چاوەڕوان دەکرا لەپاش ئەم پرۆسەیە بکەوێتەوە. لەنێو هەموو ئەو مەترسیانەشدا، لەدەستدانی ناوچە جێناکۆکەکان لە پێشینەی سەرجەمی مەترسیانەبوو کە ئەگەری رودانی هەبوو.وەک چاوەروان دەکرا، لە پاش ئەنجامدانی ریفراندۆم، هێرشی هێزە عێراقییەکان بۆ سەر ناوچە جێناکۆکەکانی هەرێمی کوردستان دەستیپێکردو لە ماوەیەکی کورتی زەمەنیدا، کورد نیوەی خاکی هەرێمی کوردستانی لەدەستدا. ئەوەش بەهۆی؛

١. کۆتایی شەڕی داعش لە عێراقو کەوتنی حەویجە، توانای سەربازی عێراقی زیاد کرد بۆ کردنەوەی بەرەیەکی نوێی جەنگ لەو ناوچانە کە عێراق بە تەواوی کۆنترۆڵی ئەم ناوچانەی لەدەستدابوو.
٢. ئەو ناوچانە بەپێی دەستوری هەمیشەیی عێراق ناوچەی جێناکۆکن، هەرێمی کوردستان بە زەبری هێز کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەی کردبوو، بۆیە ئەگەری لەدەستدانەوەی بە زەبری هێز لە ئارادابوو.
٣. هەرێمی کوردستان تاکلایەنە بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیدا لە ٢٠١٧/٩/٢٥، هەرچەندە حکومەتی عێراقو هێزە هەرێمیو نێودەوڵەتییەکان هەوڵیاندا ئەو ناوچانە تێکەڵ بە پرۆسەکە نەکرێت، بەڵام پێچەوانەکەی ڕویدا.
٤. نەوتی کەرکوک بەتایبەتیش ئەو کێڵگانەی بەدەستی حکومەتی هەرێمەوە بوون کە بریتین لە کێڵگەکانی (ئاڤاناو بای حەسەن)، بەشێکن لە بڕبڕەی ئابوری عێراق، حکومەتی عێراق ڕازی نەبوو تا سەر بەدەست کوردەوە بێت.

دوای ڕەخساندنی ئەو دەرفەتە زێڕینانە بۆ حکومەتی ناوەند لە سەروو هەموویانەوە ڕەد کردنەوەی داواکاری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم لە لایەن بەشێک لە سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە،وای لە عێراق کرد کۆمەڵێک بڕیاری توند دەربکات دژی هەرێمی کوردستانو هەندێک لەو بڕیارانەشی هەر زوو خستە بواری جێبەجێکردنەوە، لە نێوشیاندا بڵاوە پێکردنی هێزی سەربازی لە ناوچە جێناکۆکەکان. سەرئەنجام هەرێمی کوردستان مەحکوم کرا بە شەڕ یان کشانەوە لەو ناوچانەو سەرئەنجام هەردوو حاڵەتەکە بەسەر هەرێمدا سەپێندرا.

ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی ٢٥ ئەیلول بە بڕیارێکی کەسیو دواتر بە پشتیوانی چەند حیزبێکی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، زەرەرو زیانی گەورەی بە کوردو دۆزەکەی گەیاند لەم پارچەیەی کوردستان، بەجۆرێک زۆربەی ئەو دەستکەوتانەی لە ماوەی ڕابردوو بەدەستی هێنابوو پێچەوانە بویەوە، لە ئێستاشداوا چاوەڕوان دەکرێت بۆ چەند دەیەیەکی دیکە نەگەینەوە ئەو قۆناغەی بەر لە ئەنجامدانی ریفراندۆم پێی گەیشتبووین، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین لەسەر چەند ئاستێکی گرنگ بوەستین کە زیانی گەورەیان بەرکەوت، ئەوانیش لەسەر ئاستەکانی (ئابوری، جوگرافی، پەیوەندییە سیاسیو دیبلۆماسییەکان ... هتد).

### یەکەم. زیانەکان لەسەر ئاستی ئابوری

### (نەوت و سەرچاوەکانیوزە، خاڵە سنورییەکان، فرۆکەخانەکان)

١. **نەوت:** لە مێژە نەوت لە عێراق بووەتە سەرچاوەی ململانێکان، تەنانەت لەم سەردەمەشدا ناکۆکیەکانی نێوان هەرێمو بەغدا بەشی زۆری لەسەر ئەم پرسە چڕ بوبویەوە.

لەساڵی ١٩٢٣ لەلایەن کۆمپانیای بەریتانی (بریتش پیترۆلێوم BPو کۆمپانیای فەرەنسی تۆتالTotal) دەستکرا بە گەڕانو پشکنینو هەڵکەندن بۆ نەوتی کەرکوک، لە ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ساڵی١٩٢٧دا بۆ یەکەمجار نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە. لەسەرەتاکانی دۆزینەوەی نەوت لەو پارێزگایە قەبارەی یەدەگی نەوت بە (٢٤) ملیار بەرمیل دەخەمڵێنرا، ئەمە لەکاتێکدایە ئێستا یەدەگی نەوتی کەرکوک کەم بووەتەوە بۆ نزیکەی (٩-١٠) ملیار بەرمیل، بۆ یەکەم جاریش لە ساڵی ١٩٣٤ لە لایەن کۆمپانیای نەوتی عێراق (IPC)ەوە نەوتی کەرکوک هەناردەی دەرەوە کرا، ئەم کەرتەش هاوشێوەی کەرتەکانی تری نەوتووزە لە ساڵی ١٩٧٢دا لە عێراق خۆماڵی کرا.

پرسیوزەو دەوڵەمەندی شارەکە بە سەرچاوە سروشتییەکان جێگەی گرنگی تەواو بووە لای ڕژێمەکانی پێشووی عێراق، بە جۆرێكوەك سەرچاوەی سەرەکی ئابوریی عێراق پشتی پێ بەستراوە.

بەهۆی دەوڵەمەندی کەرکوك بە سەرچاوەی سروشتی تەنیا بە ناوچەیەکی جێناکۆکی دیمۆگرافیو جوگرافی نەماوەتەوە لە نێوان کوردو حکومەتی عێراقدا، بەڵکو ناوچەیەکی ململانێ ئامێزی ئابوریووزەیە لە نێوان خودی هێزە کوردییەکانو حکومەتی عێراقو تەنانەت چەند ئەکتەرێکی هەرێمیدا.

لە دوای ڕوخانی بەعسەوە لە ساڵی ٢٠٠٣، حکومەتی عێراق تاکە لایەنی مامەڵەکەری نەوتی کەرکوك بووە، بێگومان بە هەماهەنگیی ئیدارەی شاری کەرکوک، بەلاّم هاتنی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش بۆ ناوچەکەو جێهێشتنی دۆسێی ئەمنیو زۆرێك لە کێڵگە نەوتییەکانو ناوچەکانی کەرکوك لە لایەن سوپای عێراقەوە،وای لە حکومەتی هەرێمو هێزە کوردییەکان کرد هەرزوو پارێزگاری لە کێڵگە نەوتییەکانی شارەکە بکەنو هەناردەی نەوت بەردەوامی پێ بدەن.

پاش ساڵی ٢٠٠٣ نەوتی کەرکوک بووە یەکێک لە دۆسییە ئاڵۆزەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەندی، چەندین ناکۆکی لەسەر پرسی نەوتی کەرکوک لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی ناوەندیدا هەبوو. کێشەکانیش بریتی بوون لە بەڕێوەبردنی نەوتی کەرکوک، داهاتی نەوتەکە، میکانیزمی بەکارهێنانی داهاتو پشکی پارێزگاکە، چەندین گیروگرفتی دیکە.
بەڵام دوای تێپەڕبونی ٣ ساڵو نیو بەسەر فرۆشتنی نەوتی کیڵگەکانی ئاڤاناو بای حەسەن لە کەرکوكو عەین زالەو بەتمەو کێڵگەکانی مەخمورو زومار، دواجار پاش هێرشەکانی ١٦ ئۆکتۆبەری٢٠١٧، هێزە کوردییەکان لە بەشێکی ئەو کێڵگانە کشانەوەو هێزە عێراقیەکانو تیمە تایبەتەکانیوەزارەتی نەوتی عێراق کێڵگەکانیان کۆنترۆڵ کردەوە.
لە باسەکانی دیکەدا تیشک دەخەینە سەر دیارترین کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوک، لایەنە ململانێکەرەکانی سەر نەوتی کەرکوک، هەروەها ئەو کێڵگانەی هۆکاری کێشەی نێوان هەرێمو بەغدا بون، گرفتو توانای بەرهەم هێنانو توانای فرۆشتنی کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوکو چەندین پرسی دیکەی تایبەت بەم بابەتە.

## کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوکو توانای بەرهەمهێنانیان

کەرکوک یەکێکە لە ناوچە دەوڵەمەندەکانی جیهان لەروی زۆری یەدەگی نەوتەوە، خاوەنی چەند کێڵگەیەکی گرنگی نەوتە، گرنگترین ئەو کێڵگانەش؛

١. **<u>کێڵگەی کەرکوک</u>**، یەکەم بیری نەوتی کەرکوک لەم کێڵگەیەو لە ١٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧ لێدرا، لە ڕوی جیۆلۆجییەوە لە سێوێستگە پێکدێت ئەوانیش؛وێستگەی **بابە گوڕگوڕ** کە لە (جەبەل بۆر)ەوە دەست پێدەکاتو تا ئاستی گوندی (عەمشە) درێژ دەبێتەوە، هەروەهاوێستگەی **ئاڤانا** لە گوندی (عەمشە)وە درێژ دەبێتەوە تا ناحیەی (دیبەگە)،وێستگەی سێیەمیش بریتییە لە **خورمەڵە** کە لە ناحیەی (دیبەگەوە) درێژ دەبێتەوە تا ناحیەی (گوێر). لەم کێڵگەیەدا بەچەند قۆناغێک، تا ئێستا ٤٣٣ بیری هەڵکەندراوە.

٢. **<u>کێڵگەی بای حەسەن</u>**، ئەم کێڵگەیە بە ١٠کم لە کێڵگەی کەرکوکەوە دوورەو دەکەوێتە نزیک شارۆچکەی دوبزو لە دووویێسگەی **(کتکەو داود)** پێکهاتووە، بۆ یەکەم جاریش لە ساڵی ١٩٦٠ نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە، تا ئێستا ١٩٤ بیری تێدا لێدراوە.

٣. **<u>کێڵگەی جەمبور</u>**، ئەم کێڵگەیە بە دوری ١٤ کم دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای کێڵگەی کەرکوکەوە، بۆ یەکەم جاری لە ساڵی ١٩٥٤ نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە، تا ئێستا ٦١ بیری تیادا لێدراوە.

٤. **<u>کێڵگەی خەبازە</u>**، یەکێکی دیکەیە لە کێڵگە نەوتییەکانی پارێزگای کەرکوکو ٣٧ بیری نەوتی تێدایە.

٥. **<u>کێڵگەی کۆرمۆر</u>**، دەکەوێتە سنوری ناحیەی قادرکەرەمەوەو ٧ بیری نەوتی تێدایەو هاوکات خاوەن بڕێکی زۆر غازی سروشتییەو لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدایە. **بڕوانە نەخشەی ژمارە (١)**

نەخشەی ژمارە (١)




**کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان و باکوری عێراق**

پێش دەستپێکی شەڕی داعش، کۆمپانیای نەوتی باکور سەرپەرشتی پرۆسەی دەرهێنانی نەوتی کەرکوکی دەکرد، ئاستی بەرهەمی نەوت رۆژانە نزیک دەبوویەوە لە ٥٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.


لەسەرەتای هاتنی رێکخراوی تیرۆرستی داعش بۆ ناوچەکەو ئەنجامدانی شەڕو تیرۆر، پێنج کێڵگەی سەرەکی لەدەستی کۆمپانیای نەوتی باکوردابوون کە گرنگترین کێڵگە نەوتییەکانی کەرکوکن، ئەوانیش: بابەگوڕگوڕ، جەمبور، خەباز، ئاڤاناو بای حەسەن. ئاستی بەرهەمی رۆژانەیان بەم شێوە بوو:

- بابەگوڕ گوڕ ٩٧ هەزار بەرمیلی رۆژانە.
- جەمبور ٤٢ هەزار بەرمیلی رۆژانە.
- خەبازە ٢٦ هەزار بەرمیلی رۆژانە.
- ئاڤانە ٩٠ هەزار بەرمیلی رۆژانە.
- بای حەسەن ١٧٠ هەزار بەرمیلی رۆژانە

کۆی گشتی: ٤٢٥ هەزار بەرمیلی رۆژانە، کە دەشێت تا ١٥ هەزار بەرمیل کورتبکات.

**بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢).**

**نەخشەی ژمارە (٢)**




لە ١١ی تەموزی ٢٠١٤ هێزێکی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان کێڵگەکانی (ئاڤاناو بای حەسەن)یان کۆنترۆڵ کرد، ئیدارەی کێڵگەکانیش لە کۆمپانیای نەوتی باکورەوە وەرگیرایەوەو خرایە ژێر دەستی کۆمپانیای کار.

لەو کاتەوەی ئەو بیرە نەوتیانە لە لایەن پارتیو کۆمپانیای کارەوە کۆنترۆڵکرا،وەزارەتی سامانە سروشتییەکان تەنها یەکجار ڕاپۆرتی لە بارەی توانای بەرهەمهێنانی کێڵگە نەوتیەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم بڵاو کردەوە لە ماوەی نێوان کانونی دووەمی ٢٠١٥ بۆ ئەیلولی ٢٠١٦. لە نێو ڕاپۆرتەکەدا بەرهەمی کۆمپانیای کار ئاماژەی پێکراوە، کەوەبەرهێنان لە کێڵگەکانی (خورمەڵە، بای حەسەنو ئاڤانا) دەکات، لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی داوە بەکۆی بەرهەمهێنانی نەوتی ڕوژانە لە کێڵگانەداو بڕی ناردنە دەرەوەیو بڕی ناردنی بۆ پاڵاوگەکانو بەکاربردنی لەناوخۆدا، بڕە گشتییەکەش بەم شێوەیە بووە؛ **بڕوانە نەخشەی ژمارە (٣)و نەخشەی ژمارە (٤):**

**نەخشەی ژمارە (٣)**



**نەخشەی ژمارە (٤)**




## ململانێ لەسەر نەوتی کەرکوك

ئەم ململانێیەی لەسەر نەوتی کەرکوك دروست بووە زیاد لە ئەکتەرێك تیایدا بەشدارە، هەندێکیان لەسەر ئاستی هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەبینرێنو هەندێکیان هێزی عێراقینو هەندێکیان هەرێمین.

لەسەر ئاستی هێزە سیاسییەکانی هەرێمو شاری کەرکوك دیارترین دوو ئەکتەری ململانێکە (پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) بون، پاش دەستپێکی شەڕی داعشو جێگیربوونی پێشمەرگە، بەرەبەیانی ١١ی تەموزی ٢٠١٤ هێزەکانی لیوای یەکی پاسەوانی نەوت/سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەو کێڵگەکانی نەوت لە رۆژئاوای پارێزگای کەرکوك جوڵێنرانو کێڵگەکانی (ئاڤاناو بای حەسەن)یان کۆنترۆڵ کرد. ئیدارەی کێڵگەکانیش لە کۆمپانیای نەوتی باکوروەرگیرایەوەو خرایە ژێر دەستی کۆمپانیای کار، داهاتەکەشیان کەوتە دەستوەزارەتی سامانە سروشتییەکانو کۆمپانیای کار.

بەهۆی کاردانەوەکانی بەرپرسانی یەکێتی نیشتمانی بەرامبەر بە کۆنترۆڵکردنی کێڵگەکانی ئاڤاناو بای حەسەن،وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەمان رۆژدا بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوەو تیایدا دەڵێ، "جوڵاندنی هێزەکانی پاراستنی نەوتی کەرکوك، لە پێناو پاراستنی ئاسایشی کێڵگەکانی کەرکوك‌و مەخمور بووە، پاش ئەوەی زانرا بەرپرسانی‌وەزارەتی نەوتی فیدراڵی لە بەغدا فەرمانیان کردووە بە زیانگەیاندن بەو هێڵی بۆڕییەی لەمدوایانەدا دوولایەنە رێککەوتنی لەسەر کرا بوو کە کێڵگەی ئاڤانا بە کێڵگەی خورمەلە دەبەستێتەوە".
لەو کاتە بەدواوە بەرێوەبردن‌و ئیدارەدانی نەوتی کەرکوک، بەشە زۆرەکەی کەوتە دەست کۆمپانیای کاروو بەشەکەی دیکەش کەوتە دەست کۆمپانیای نەوتی باکور، بەپێی سەرچاوەکان "پێش هاتنی پۆلیسی نەوت‌و گازو کۆمپانیای کار، ئاستی بەرهەمی رۆژانەی ئەو دوو کێڵگە ٢٦٠ هەزار بەرمیلی بووە، هیچ هۆکارێک نەبووە بۆ کەمبوونەوەی‌و ئەگەروەبەرهێنانیشی تێدا کرابێت زیاتر بووە".
لەوساتەوە پارتی، تاکلایەنە مامەڵەی لەگەڵ بەغدادا کرد لەسەر شێوازی هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك، بە پێی رێککەوتنێکی نێوانیان چەند کۆمپانیایەکی نزیك لە کاربەدەستانی ئەو پارتە ئەرکی هەناردەکردنی نەوتیان بۆ بەندەری جەیهان لە تورکیا گرتبووە ئەستۆ کە قازانجێکی زۆریان دەست دەکەوت‌و ڕۆژانە بە ٤٠٠ هەزار دۆلار دەخەملێندرا. بەو حاڵەوە لە سەرەتای ٢٠١٦دا، حکومەتی عێراق بڕیاری لەسەر راگرتنی هەناردەکردنی نەوتی کێڵگەکانی ژێر دەستی کۆمپانیای نەوتی باکوور داو چیتر نەوتی کێڵگەکانی باباگوڕگوڕ، جەمبورو خەبازە لە رێگەی هەرێمی کوردستانەوە هەنارده نەکرا، بەڵکو حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا نەوتی کێڵگەکانی ئاڤاناو بای حەسەنی هەناردە دەکرد. لە ١٧ی ئاداری ٢٠١٦دا، عادل عەبدولمەهدی‌وەزیری نەوتی عێراق لە چوارچێوەی پانێڵێکیدا لە دیداری زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی، ئاشکرای کرد کە هەناردەی نەوتی کێڵگەکانی ژێر دەست کۆمپانیای نەوتی باکوور راگیراوە، بەو هۆیەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ بڕەپارەیەکی لە داهاتی نەوتەکە بۆ عێراق نەگێڕاوەتەوە.
بەمەشدا دەردەکەوێت حکومەتی عێراق نەیتوانیوە هەناردەی کێڵگەکانی ئاڤاناو بای حەسەن رابگرێت کە بەڕێوەبردنی ئەو کێڵگانە لە دەست کۆمپانیای کار گروپی نزیك

له پارتیو لەژێر سەرپەرشتیوەزارەتی سامانە سروشتییەکانەو پاراستنی ئەمنیەتی کێڵگەکان بەدەست هێزەکانی لیوای پاسەوانی نەوتو پێشمەرگەو ئاسایشی هەرێمی کوردستان بووە، بەڵکو تەنیا دەسەڵاتی بەسەر کێڵگەکانی ژێر دەستی کۆمپانیای نەوتی باکور شکاوە، کە لەلایەن خودی کۆمپانیای نەوتی باکوور سەر بەوەزارەتی نەوتی عێراق بەڕێوە براوە.
ئەو ڕێککەوتنە بۆ لایەنە سیاسییەکانی دیکەو ئیدارەی شاری کەرکوكو تەنانەت هێزە تورکمانییەکانیش بوبووە جێگەی نیگەرانی، ڕاشکاوانە داوایان کرد هێزە کوردییەکان بەدووربن لە کیڵگە نەوتییەکانو چیدی کۆنترۆڵی ئەو کێڵگانە نەکەن. بەو پێیەی سودمەندی سەرەکیی، شاری کەرکوكو ئایندەی شارەکە نییە، بەڵکو لە بەرژەوەندیی لایەنێکی سیاسیو ئەجێندایەکی دیاریکراودایە.
حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا لە بەرامبەر هەناردەکردنی نەوتی کێڵگەکانی ئاڤاناو بای حەسەن، مانگانە بڕە پارەیەكوەك پترۆدۆلار رادەستی ئیدارەی کەرکووك بکات، ئەو بڕە پارەیە بە ١٠ ملیۆن دۆلاری مانگانە دانرا، بەڵام دیسان جگە لە بەرپرسانی باڵای حکومەتو پارێزگاری کەرکوك هیچ کەسو لایەنێکی تر ئاگاداریوردەکارییەکانی بڕی پارەکەو شێوازیوەرگرتنووردەکارییەکانی خەرجکردنی نەبوون.
ناکۆکییەکان لەسەر نەوتی پارێزگاکە زیادی کرد کاتێك هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نامەیەکی نارەزایی ئامێزی ئاراستەی سەرۆكوەزیرانی عێراق کرد لە بەرامبەر دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك بە بڕی ١٠٠ هەزار بەرمیل ڕۆژانە لە ڕێگەی بۆرییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بە ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، بەبێ هیچ گەڕانەوەیەك بۆ ئیدارەی شارەکەووەرگرتنی دیدوبۆچوونی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان.
وەکو فشارێک لە ئازاری ٢٠١٧دا، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە هێزی یەکەمی سیاسیو سەربازیی شارەکەبوو هێزێکی خۆی نارده سەر کۆمپانیای نەوتی باکورو هەناردەی نەوتی شارەکەی ڕاگرت بە شێوەیەکی کاتی، لە بەرامبەر جێبەجێکردنی داواکارییەکانی پارێزگاکەدا.
لەسەر ئاستی کارەکتەرە عێراقییەکان ڕێککەوتنی حکومەتەکەی عەبادی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر نەوتی کەرکوك نیگەرانیی لای هەندێ لە هێزە

عێراقییەکان دروست کرد، نوری مالیکی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق دژایەتیی ئەو ڕێککەوتنەی دەکرد. نیگەرانی هەندێ لە هێزە عێراقییەکان لەوەوە سەرچاوەی گرت کە ئەو ڕێککەوتنە زیاتر لە بەرژەوەندیی هەندێ لایەندان کە لە بنەمادا کار بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی عێراق ناکەنو لە بەرژەوەندیی هەندێ لایەنی هەرێمی کار دەکەن. ئەم دەنگی ناڕەزاییانەش هەروەك چۆن لەنێو هێزە کوردییەکاندا بەرز بووەیەوە ئاوهاش لەنێو هێزە عێراقییەکاندا پەرەیسەندو پێیانوابوو دەبێت چاو بەو ڕێککەوتنەدا بخشێنرێتەوە.
کاتێکیش شەڕی داعش کۆتایی هات مەترسی لەسەر ئەو ناوچەیە نەما، هاوکات هەرێمی کوردستان بە بڕیارێکی تاکلایەنە لە ٢٥ی ٩ی ٢٠١٧ لە کەرکوك ڕیفراندۆمی ئەنجامدا، دەرگای بۆ هێزە عێراقییەکان کردەوە جارێکی دیکە کۆنترۆڵی ئەو ناوچەیە بکەنەوە. ئەو کێڵگە نەوتیانەی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدابوون بەتەواوی بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە.
کارەکتەرێکی دیکەی نێو ململانێکە، هێزە هەرێمییەکانن بە جۆرێك سودمەندی سەرەکی هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك بەو شێوەیە تورکیا بوو، بەو پێیەی لە ڕێگەی بەندەری جەیهانەوە ڕەوانە دەکرا. جگە لەوەی لایەنێکی سەرەکیی ڕێککەوتنەکە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو کە بە پێی چەند ڕێککەوتنێك ئەنقەرە چەندین دەستکەوتی ئابوری لە هەناردەکردنی نەوتدا بە دەست دەهێنا.
هەرچی سەبارەت بە ئێرانە لە پێشتردا هەوڵێکیوەها لە ئارادا بوو، نەوتی شاری کەرکوك لە ڕێگەی بۆرییەوە ڕەوانەی ئێران بکرێتو لەوێوە ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان بکرێت، بەڵام بە پێی ڕێککەوتنی نێوان بەغداو هەرێم ئەم هەوڵە نەهاتە دی. بەم دواییانەش ئێرانو عێراق ڕێککەوتنێکی نوێیان لەبارەی نەوتی کەرکوك ئاشکرا کرد، لە ٣٠ی تەموزی ٢٠١٧، بیژەن زەنگەنەوەزیری نەوتی ئێران، لە تاران لەگەڵ جەبار لعێبیوەزیری نەوتی عیراق کۆبووەتەوەو هەردوولا باسیان لە پتەوکردنی هاوکاریو هەماهەنگی نێوانیان لەبواری نەوتووزەدا کردووە.وەزیری نەوتی ئێران، پاش کۆبونەوەی لەگەڵ جەبار لعێبی،وەزیری نەوتی عێراق، رایگەیاند، "بۆری نەوتی کەرکوک – ئێران یەکێکە لەتەوەرەکانی هاریکاری نێوان هەردولا کە پێشتر بڕیاری باشی لەبارەوە دراوە ئەمڕۆش چەند بڕیارێکی نوێیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو هێڵە داوە".
ئاماژەی بەوەشدا کە هەردولا رێککەوتون لەسەر کۆمپانیایەکی راوێژکاریی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەک لەسەر راکێشانی بۆری نەوتی کەرکوک – ئێران پێشکەش بەهەردولا بکاتوەک سەرەتایەک بۆ دەستپێکردنی پرۆژەکە .

بەسەرکەوتنی ڕێکەوتنەکەی ئێران- عێراق، ئاڕاستەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکوک لەڕێگەی تورکیاوە بۆ ئێران دەگۆڕێت. لەبەرئەوە گومان دەکرێت ئێران بەشێک بێت لە هەوڵی گەڕاندنەوەی ئەوە بیرە نەوتانەی هەرێم کۆنترۆڵی کردووە بۆ ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی لە ئایندەدا لەڕێگەی ئێرانەوە هەناردەی بازاڕەکانی دەرەوە بکرێت.

لێرەدا پرسیاری ئەوە سەرهەڵدەدات ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕوی ئابورییەوە چی بەدەستەوە دەمێنێت؟

دوای ئەو پرۆسە سەربازییەی حکومەتی عێراق بۆسەر ناوچەجێناکۆکەکان ئەنجامیدا، جگە لەوەی هەوڵ هەیە بۆ دەستبەسەردا گرتنی سەرجەم خاڵە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان، هاوکات دەستبەسەرداگرتنی کێڵگە نەوتییەکانی (ئاڤانا، بای حەسەن، عەین زالە).

ئەوەی بە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەمێنێت تەنها بریتیە لە؛

- **کێڵگەی نەوتی خورمەڵە:** کۆمپانیای کاروەبەرهێنانی تێدا دەکات، مەزەندە دەکرێت ٦٠ بۆ ٧٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بەرهەم دەهێنێت.
- **کێڵگەی غازی کۆرمۆر:** کۆمپانیای دانا گازوەبەرهێنانی تێدا دەکات، بەڵاموەبەرهێنان لە نەوتدا ناکاتو تەنها نەفتاو غازی شل(LPG) بەرهەم دەهێنێت.
- **کێڵگەی نەوتی تاوگێ:** کۆمپانیای (گێنەڵ ئێنرجیو دی ئێن ئۆ)وەبەرهێنانی تێدا دەکاتو ڕۆژانە ١١٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی بەندەری جەیهان دەکات. بەپێی ئاماری مانگی ٩ی ٢٠١٧.
- **کێڵگەی نەوتی شێخان:** کۆمپانیای (جی کەی پیو گێنەڵ ئێنرجی)وەبەرهێنانی تێدا دەکاتو ڕۆژانە ٣٦ بۆ ٣٧ هەزار بەرمیل نەوت بە تانکەر هەناردەی تورکیا دەکات. بەپێی ئاماری مانگی ٩ی ساڵی ٢٠١٧.
- **کێڵگەی نەوتی تەق تەق:** کۆمپانیای نەوتی تەق تەقوەبەرهێنانی تێدا دەکاتو ڕۆژانە ١٤ بۆ ١٥ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت. بەپێی ئاماری مانگی ٩ی ساڵی ٢٠١٧.

- **کێڵگەی نەوتی حەسیرە:** کۆمپانیای (گازپرۆمی روسی)وەبەرهێنانی تێدا دەکاتو ڕۆژانە ٩ هەزارو ٥٠٠ بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت. بەپێی ئاماری مانگی ٩ی ساڵی ٢٠١٧، بەڵام بەرهەمەکە بۆ ناوخۆیە.

هەموو ئەو کێڵگانەی بەدەستی حکومەتی هەرێمەوە دەمێنێت لە توانایدایە ٢٣٠ بۆ ٢٥٠ هەزار بەرمیل ڕۆژانە بەرهەم بهێنێت، کە ئەمە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت پێداویستییە ئابورییەکانی هەرێم پڕ بکاتەوە.

### زیانەکانی نەوتی کەرکوک

لە کەرکوک کێڵگە نەوتیەکانی (بابەگوڕ گوڕ، جەبور، خەباز) کۆمپانیای نەوتی باکور بەڕێوەی دەباتو کێڵگەکانی (بای حەسەن، ئاڤانا، خورمەڵە) کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی کەرکوک لەلایەن کۆمپانیای (کار گروپ) لە هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەبرا. بەپێی زانیارییەکانی کەناڵی بلومبێرگی ئەمریکی ئەوەی ئێستا لە بەرهەمهێنانوەستاوە. بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگەی بای حەسەنو ئاڤانایە کە دەکاتە ٢٧٥ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا.

کەواتە ڕێژەی بەرهەمهێنانی کێڵگەی بای حەسەنو ئاڤانا بەم جۆرە بووە لە یەک مانگدا:

٣٠×٢٥٥.٠٠٠ = ٨.٢٥٠.٠٠٠ بەرمیل لەماوەی یەک مانگدا.

گریمان نرخی نەوت لە ئێستادا ٥٠ دۆلاربێت لە بازارەکانی جیهاندا. کەواتە

٨.٢٥٠.٠٠٠ ×٥٠ = ٤١٢.٥٠٠.٠٠٠ $ لە مانگێکدا.

### ئەو زیانە مادییانەی لە هەرێمی کوردستان دەکەوێت لەمانگی ١١-٢٠١٧دا

نەوتی کەرکوک لە رۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٠ لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستی بەسەردا گیراوە. دوای ئەو بەرواره (جەبار لعێبی:وەزیری نەوتی عێراق) پەیوەندی کردەوە بە بەڕێوەبەری کۆمپانیای (بریتش پترۆڵێومی) بەریتانیەوە کە جارێکی تر کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوک گەشەپێبداتەوەو دەست بکاتەوە بەوەبەرهینان بۆ ئەوەی ئاستیوەبەرهینان بگەیەندرێتە بڕی ١ ملیۆن بەرمیل رۆژێکدا. ئەگەر شیکاری

ماتماتیکی بکەین بۆ ئەوەی بزانین بە نزیک کراوەی هەرێمی کوردستان چەند زیانی ماددی بەردەکەوێت، لە ئەگەری تەواوبونی بڕی یەدەگی نەوتی کەرکوک لەچەند ساڵی داهاتودا.

بەپێی داتاکان یەدەگی نەوتی کەرکوک لە ئێستادا بە نزیکەی ٩ ملیار بەرمیل خەملێندراوە، کەواتە:

٩ ملیار بەرمیل÷ ١ ملیۆن بەرمیل = ٩ هەزار رۆژ

لەبەر ئەوەی ١ ساڵ = ٣٦٥ ڕۆژ، کەواتە ٩ هەزار ÷ ٣٦٥ رۆژ = ٢٤ ساڵو ٦ مانگ نەوتی کەرکوک کۆتایی دێت.

بەپێی نرخی نەوت لە بازارەکانی جیهاندا، لە ئێستادا زیاتر لە ٥٠ دۆلارە لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە نرخەکەی دەگۆڕێت لە بۆرسەکانی جیهاندا بەڵام ئەگەر ٥٠ دۆلار بە گریمانەوەربگرین:

داهاتی ١ رۆژ دەکاتە:

١ ملیۆن × ٥٠ دۆلار = ٥٠ ملیۆن دۆلار

کۆی داهات بۆ ١ مانگ:

٥٠ ملیۆن دۆلار× ٣٠ ڕۆژ = ١ ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دۆلار

کۆی داهات بۆ ١ ساڵ:

١ ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دۆلار× ١٢ مانگ = ١٨ ملیار دۆلار

کۆی داهات بۆ ٢٤ ساڵو ٦ مانگ:

١٨ ملیار دۆلار × ٢٤.٦ ساڵ = ٤٤٢ ملیارو ٨٠٠ ملیۆن دۆلار. تا کۆتای هەموو کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوک لە ماوەی ٢٤.٦ بیستو چوار ساڵو شەش مانگدا.


واتە کوردستان ئەم هەموو زیانە گەورەیەی لێکەوتووە تەنها لە نەوتی کەرکوکدا. لەگەڵ ئەوەشدا نرخی نەوت رۆژانە بەرزبونەوەو دابەزین بەخۆیەوە دەبینێ، بۆیە ئەگەر نەوت بەرز بێتەوە لە ساڵانی داهاتوودا ئەو ژمارەیەی سەرەوە زیاد دەکات، بەڵام ئەگەر نزم بێتەوە دیارە کەم دەکات.

کەواتە بەهۆی ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە هاوڵاتیانی کوردستان ئەو زیانە گەورەیەیان بەرکەوت، لە کاتێکدا ئەم بڕە پارەیە بەشی نەوەکانی داهاتووشی دەکرد. هاوکات بەپێی راپۆرتی (بانکی نێو دەوڵەتی بۆ چاکسازی لە هەرێمی

کوردستان)، شاری کەرکوک دەتوانێت 2BCMAواتە ٢ ملیار مەتر سێجا لەساڵێکدا بەرهەمبهێنێت، بەمەش دەتوانرێت بڕێکی باش کارەبا بەرهەم بهێنرێت.
وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان بلۆکە نەوتیەکانی کەرکوکو موسڵ دەخاتە سەر هەرێمی کوردستان بەپێی راپۆرتێکیان ٢٠ بلۆکی تر کراوەن بۆ تەندەر لێدان. لەرۆژی ٢٠١٦/١٢/٢٤وەزارەت داوای لە کۆمپانیا بیانیەکان کرد تاوەبەرهێنان بکەن لەو بلۆکە نەوتیانەدا کە هەندێکیان تاقیکردنەوەی بومەلەرزەی دوو ڕەهەندی(2D) ، هەندێکی تریان تاقی کردنەوەی بومەلەرزەی ٢ رەهەندی و ٣ رەهەندی 3D –2D بۆکراوە.
ئەوەی شایانی باسە ئەم ٢٠ بلۆکە نوێیە رووبەرەکەی دەکاتە ٩.٧٥٢ کیلۆمەتر چوارگۆشە دەکاتە نزیکی ٩% ناوچەدابڕاوەکان کە لەدەست دراوە، لە ئێستادا هیچ داتایەک نیە بۆ ئەوەی بزانین چەند یەدەگی نەوت لە ژێر ئەم زەویانەدا هەیە. لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان تووشی کێشەی قەرزێکی گەورە بوە کە نزیکی ٣ ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دۆلارە کە پێشتر لە کۆمپانیا گەورەکانی کڕیاری نەوتی جیهانی کە (Trafigura, Rosneft, Vito, I.Glencore)وەرگرتوە کە دواتر نەوتیان بداتێ. ئەم پارەیە ئاڵۆزیەکی زۆری خستۆتە ناو بازاڕو بانقەکانەوە، چونکە بەرهەمی هەرێمی کوردستان دابەزیوە بۆ ٣٠٠ هەزار بەرمیل لەرۆژیکدا. ئەمەش دڵنیایی نادات بە کۆمپانیا بیانیەکانو کڕیارەکانی نەوت بۆوەرگرتنەوەی قەرزەکەیان، چونکە بەرهەمی هەرێمی کوردستان بەتەواوی دابەزیوە بۆ نزیکی ٣٠٠ هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا لە ٢٠١٧/١٠/٢٤ بەپێی سەرچاوەکانی بەندەری جەیهان. پشکی کۆمپانیا نەوتیەکانیوەبەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان بەرزکراوەتەوە. بەمەش دەیەوێت کۆمپانیاکان پارەی زیاتروەربگرن لە داهاتی نەوت بۆ ئەوەی قەرزە کۆنەکانیان داپۆشن ئەو کێڵگەکانەی کە لەژێر دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ماونو بەرهەمیان هەیە لە ئێستادا بریتین لە:
(کێڵگەکانی تاوگێ، کێڵگەی تەق تەق، کێڵگەی شێخان، کێڵگەی خورمەڵە، کێڵگەی حەسیرەی گەرمیان) .
کۆی گشتی زیاتر لە ٦٠% ئەو بیرە نەوتیانەی هەبوونو ئەو یەدەگی نەوتەی هەرێمی کوردستان هەیبوو، ئێستا لە دەستی داوەو سەرجەمیان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی

عێراقیدایە. بەم جۆرەش زیاتر لە ٥٣٥ بیرە نەوتی کەوتووەتە دەست حکومەتی عێراقییەوە، بەو هۆیەوە ئاستی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان (بە بۆری، تەنکەر، ناوخۆ) زۆر کەمی کردووەو لە ٨٠٠ هەزار بەرمیلەوە بۆ نزیکەی٢٣٠-٢٥٠ هەزار دابەزیوە، بەو بڕەش ناتوانین پێداویستی ناوخۆ دابین بکەین. بڕوانە نەخشەی ژمارە (٥)

نەخشەی ژمارە (٥)



بێگومان زیانەکان هەر لەم ئاستەدا ناوەستێت، بەڵکو بڕیارە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی داهاتی خاڵە سنورییەکانو فرۆکەخانەکان رادەستی حکومەتی ناوەندی عێراق بکاتەوە، ئەمەش گەورەترین زیانی ئابوری دەبێت بۆ هەرێمی کوردستانو دۆخێک دروست دەکات بۆ هەرێم کە چیتر داهاتێکیوەهای بەدەستەوە نایێنێتو دەبێت مانگانە چاوی لەدەستی حکومەتی عێراق بێت بۆ رەوانەکردنی داهات بۆ ئیدارەکردنی ناوخۆو موچەی فەرمانبەرانی.

### ٢. خاڵە سنورییەکان (مەرزەکان)

لە ئێستادا هەرێمی کوردستان بە فەرمی چوار خاڵی سنوری کراوەیە لەدیارترینی ئەو خاڵە سنوریانەش: **ئیبراهیم خەلیل** (دەکەوێتە باکووری شاری دهۆك، کە هاوسنوورە لەگەڵ تورکیا)، **باشماخ** (دەکەوێتە رۆژهەڵاتی سلێمانی، کە هاوسنوورە لەگەڵ ئێران)، **حاجی ئۆمەران** (دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شاری هەولێر، کە هاوسنوورە لەگەڵ ئێران)، **پەروێزخان** (دەکەوێتە باشوری رۆژهەڵاتی سلێمانی، کە هاوسنوورە لەگەڵ ئێران)، لەگەڵ چەند دەروازەیەکی تری نافەرمی لەناوچە جیاجیاکان.



ئەم خاڵە سنورییانە هەر لەسەرەتای بانگەشەی ریفراندۆمەوە کرانە کارتی فشارو بەرامبەر بە دەسەڵاتدارانی هەرێم بەکارهێنران بەتایبەت هەرسێ خاڵی سنوری (باشماخو پەروێزخانو حاجی ئۆمەران) کە چەند جارێک لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە داخرانو هاتوچۆی بازرگانی راگیراو هاتوچۆی هاوڵاتیانیش سنوردار کرا، بە نمونە:

- لە ١٤ ئۆکتۆبەردا خاڵە سنوریەکانی باشماخو حاجی ئۆمەرانو پەروێزخان داخران.
- لە ٢٥ ئۆکتۆبەر خاڵی سنوری باشماخ کرایەو تا ئێستا حاجی ئۆمەرانو پەروێزخان نەکراونەتەوە.
- لە ئێستاشدا فشارو هەوڵەکانی بەغداد بۆ کۆنترۆڵکردنی دەروازەی ئیبراهیم خەلیلو فیشخابوور بەردەوامە.

بەڕێوەبەری مەرزی باشماخ لەبارەی زیانەکانی داخستنی مەرزەکەوە رایگەیاندووە: بەر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمواتە لەمانگی ئەیلول (٩)ی (٢٠١٧) داهاتی مەرزی باشماخ مانگانە زیاتر لە ٢٠ ملیار دیناربووە، بەڵام لە دوای ٢٥ی ئەیلولو داخستنی مەرزەکەوە لە مانگی ڕابردوودا داهاتی خاڵە سنورییە کەمی کردووە بۆ ٦ ملیار دینار. ئەمە لەکاتێکدا داهاتی ئەم خاڵە سنورییە لەمانگی ئابی (٨) (٢٠١٧)،واتە پێش ئەنجامدانی بانگەشەی ڕیفراندۆم نزیکەی (٢٨)ملیار دیناری عێراقی بووە .
واتە بەشێوەیەکی گشتی بەهۆی داخستنی خالە سنورییەکەوە تەنها لەیەک مانگدا نزیکەی ١٤ ملیار دینار داهاتی مەرزەکە کەمی کردووە. کەواتە ئەگەر بێتو داهاتی سالانەی تەنها یەک مەرزیوەک باشماخوەربگرینوەک سامپڵ ئەوا ٢٨ ملیار دیناری مانگێک × ١٢ مانگ= ٢٤٠ ملیار دینار. کەواتە لەگەڵ کەوتنە دەستی ئیدارەی خاڵت باشماخ بە بەغدا سالانە تەنها لەو مەرزە زیانی ٣٣٦ ملیار دیناری عێراقی لێدەکەوێت. ئەم هاوکێشەیە بۆ سێ خاڵە سنورییەکەی دیکەش هەر ڕاستە.
ئەوەی پەیوەستە بە سێ خاڵە سنورییەکەی دیکەوە، بە نمونە خاڵی سنوری پەروێزخان داهاتی مانگانەی لە ساڵی ٢٠١٤ دا نزیکەی ٢٥ ملیار دینارو سالانەش

٣٠٠ ملیار دیناری عێراقی بووە. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٦دا داهاتی مانگانەی پەروێزخان نزیکەی ٧ ملیار دینار بووە، لە کۆی ساڵەکەشدا داهاتی ئەم خاڵە سنورییە کەمی کردووە بۆ بۆ ٨٧ ملیار دینار.
ئەوەی پەیوەستە بە دوو خاڵە سنوورییەکەی دیکەوە کە دەکەونە ژێر سنوری دەسەڵاتی پارتیواتە (مەرزی ئیبراهیم خەلیلو حاجی ئۆمەران) ئاماری زۆر تەواوو فەرمی لەبەردەستدا نین، بەڵام بە پێی هەندێک ئاماری ٢٠١٤، خاڵی سنوری حاجی ئۆمەران داهاتی مانگانەی نزیکەی ٣٠ ملیار دیناری عێراقی بووە، کە لە ساڵێکدا دەگاتە نزیکەی ٣٦٠ ملیار دینار.
لەبەرامبەردا خاڵی سنوری ئیبراهیم خەلیل داهاتی مانگانەی نزیکەی (٦٠ ملیار دیناری عێراقی بووە، ئەمەش لەساڵێکدا دەکاتە ٧٢٠ ملیار دیناری عێراقی).
بەپێی چەند ئامارێك، لەوەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست کەوتووەو ماڵپەری نیقاش بڵاویکردوەتەوە، لەساڵانی رابردوو،واتە پێش قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان داهاتی ساڵانەی هەرچوار خاڵی سنوری (باشماخو ئیبراهیم خەلیلو حاجی ئۆمەرانو پەروێزخان)، نزیکەی ١ ترلیۆنو ٨٠٠ ملیار دینار بووە.

### ٣. فرۆکەخانەکان

هەرێمی کوردستان خاوەنی دوو فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیو فەرمییە، ئەوانیش: **فرۆکەخانەی هەولێر** لەکانوونی یەکەمی ٢٠٠٣ کرایەوە، **فرۆکەخانەی سلێمانی** لەمانگی تەمموزی ٢٠٠٥ بەفەرمی کرایەوە. هەردوو فرۆکەخانە دەروازەیەکی گرنگ بوون بۆ بەستنەوەی هەرێمی کوردستانوڵاتانی هەرێمیو جیهانییەوە، بەڵام دوابەدوای ئەنجامدانی ریفراندۆمو سزاکانی حکومەتی ناوەندی هەردو فرۆکەخانەکە تەنیا رۆڵی فرۆکەخانەی لۆکاڵیو ناوخۆی دەبینن.
حکومەتی ناوەندی عێراق ڕۆژی ٢٦-٩-٢٠١٧واتە بە رۆژێک پاش ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، ماوەی ٣ ڕۆژ مۆڵەتی دیاریکرد بۆ حکومەتی هەرێم پێویستە فڕۆکەخانەکانی ڕادەستی حکومەتی ناوەندی بکات ئەگەر نا گەشتە ئاسمانیەکان ڕادەگرێت. پاش چوار رۆژ لەو مۆڵەتە سەرجەم گەشتە نێودەڵەتیەکانی هەردوو فڕۆکەخانەکە ڕاگیران، لە ئێستاشدا تەنیا گەشتی سەربازیو چوونو هاتنی

دیبلۆماسیو شاندەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانو گەشتە نێوخۆییەکان لەهەردو فرۆکەخانەکەوە ئەنجام دەدرێن.




لەبارەی زیانەکانی داخستنی فرۆکەخانەکان بۆ هەر رۆژێک نزیکەی ١ ملیۆن دۆلار زیان بە خەزێنەی هەرێمی کوردستان دەگات. ئەمە جگە لەوەی ژمارەی گەشتیاران بەرێژەیەکی زۆر بەرچاو دابەزیوە، بەو پێیەی بەر لەبریارەکە رۆژانە زیاتر لە ٣٥٠٠ کەس لەهەردوو فرۆکەخانەکەوە گەشتیان کردووە بەڵام ئێستا ئەو ژمارەیە بۆ کەمتر لە ٣٠٠ کەس دابەزیوە.

بەرێوبەری فرۆکەخانەی سلێمانی لەبارەی کاریگەری بریارەکە رایگەیاندووە"هەفتانە لەنێوان ٧٠ بۆ ١٠٠ گەشتمان هەبووە کە ئەو گەشتانە رۆژانە بەبەردەوامی لەنێوان هەزار بۆ ١٥٠٠ کەسیان گواستۆتەوە، بەڵام ئێستا ئەو ژمارەیە ناگاتە ١٠٠ بۆ ١٥٠ کەس کە ئەوانیش لە رێگای بەغدادەوە گەشتەکانیان ئەنجام دەدەن".

لە ئێستاشدا بەپێیوتەی بەرێوەبەری فرۆکەخانەی هەولێر زیانی هەر رۆژێکی داخستنی فرۆکەخانەکە نزیکەی ٤٠٠ هەزار دۆلارەو زیانی داخستنی فرۆکەخانەی

سلێمانیش ڕۆژانە نزیکەی ١٥٠ هەزار دۆلارە، بەو پێیەش لەماوەی مانگی ڕابردودا زیانی ١٧ ملیۆن دۆلار بەر داهاتی هەرێمی کوردستان کەوتووە.
هاوکات بە پێی ئامارە فەرمییەکانیوەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان داهاتی مانگی تەموزی ٢٠١٧ هەردو فرۆکەخانەی سلێمانیو هەولێر بەم جۆرە بووە.
**داهاتی مانگی تەموزی فرۆکەخانەی هەولێر:** ٢ ملیارو ٧٩٧ ملیۆنو ٧٥٢ هەزارو ٤٨٠ دینار.
**داهاتی مانگی تەموزی فرۆکەخانەی سلێمانی:** ١ ملیارو ٧٧١ ملیۆنو ٩٨٥ هەزارو ٤٧٠ هەزار دینار.
کەواتە لەگەڵ لەدەستدانی ئیدارەی هەردو فرۆکەخانەکە ساڵانە هەرێمی کوردستان نزیکەی ٥٥ ملیار دیناری عێراقی لەدەستدەدات.

### دووەم. زیانەکان لەسەر ئاستی خاکو جوگرافیا

بەدرێژایی مێژوو یەکێک لە کێشەی سەرەکیو ململانێ بەردەوامەکانی نێوان هێزە کوردییەکانو دەسەڵاتدارانی بەغدا پەیوەست بووە بەپرسی جوگرافیاو خاکەوە.وەک کۆڵەکەی سەرەکی پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییو نیشتیمانییەکانی کوردستان، هەمیشە بەهۆی سازشنەکردنی کورد لەسەر خاك، ڕێکەوتنو گفتوگۆکانی نێوان نوێنەرانی کوردو دەوڵەتی عێراق بەبێ ئەنجام کۆتاییان هاتووە.

دوای روخاندنی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣، پرسی گەرانەوەی بەشێک لەخاکی کوردستان بوو بە پرسی گەرمی ئەو سەردەمە لەنێوان دەسەڵاتی نوێی بەغداو دەسەڵاتدارانی هەرێم، بەجۆرێک پرسەکە رەهەندی سیاسیو یاسایی پێ بەخشراو لەرێی دەستوری نوێی عێراقەوە لەژێر ناوی ناوچە جێناکۆکەکان جێگەی کرایەوە.

ناوچە جێناکۆکەکان ئەو ناوچانەن کە بەپێی ماددەی١٤٠ی دەستوری هەمیشەیی عێراق دیاریکراون. ئەم ناوچانەش لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقو دووبارە پێکهێنانەوەی سیستەمی سیاسیی لەعێراق لەپاش ساڵی ٢٠٠٣، ناوەندی کێشەو ململانێی نێوان هەرێمو ناوەند بوون. لەو کاتدا کورد هەندێک ناوچەی هێنایەوە سەر

هەرێمی کوردستان. لەپاڵ سێ پارێزگا سەرەکییەکەی هەرێمی کوردستاندا، کورد دەستی گرتەوە بەسەر هەندێک بەشی پارێزگاکانی نەینەواو کەرکووکو دیالە، لەهەمان کاتدا، حکومەتی عێراقیش دەستی بەسەر هەندێک ناوچەی تری هەمان ئەو سێ پارێزگایەدا گرت، کە بەهەمان شێوە ناوچەی جێناکۆک بوون.
بەڵام لەگەڵ هاتنی داعش بۆ ئەم ناوچانە گۆڕانکارییەکی زۆری لە نەخشەی ئیداریو سیاسیی ناوچەکە دروستکرد، لەبەرامبەردا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە پاڵپشتی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی توانی لە رێکەوتی ٢٠١٤/٦/١٠ تا ٢٠١٦/١٠/١٧ توانی دوو لەسەرسێی خاکی ناوچە دابڕێنراوەکان کۆنترۆڵ بکاتەوە.


## گرنگترین ئەو ناوچانەی کە لەدوای هاتنی داعشەوە پێشمەرگە کۆنترۆڵیکردنەوە:

١. شاری کەرکوك و سنوری پارێزگای کەرکوك، پێشمەرگە چوە قەزاکانی (داقوقو دبس)، بەڵام قەزای حەویجە تاوەکو دوای پرۆسەی ریفراندۆم هەر لەژێر کۆنترۆڵی چەکدارانی داعشدا بو.
٢. ناوچەکانی دەوروبەری قەزای خانەقین لەگەڵ ژمارەیەك ناحیەی سەربە قەزاکە لەوانە (جەلەولا- قەرەتەپە- جەبارە).
٣. لە سنوری پارێزگای سەڵاحەدین، قەزای خورماتو لەلایەن پێشمەرگەوە کۆنترۆڵکرا.
٤. لە سنوری پارێزگای هەولێر، پێشمەرگە چەند ناحیەیەکی سەر بە قەزای مەخموری کۆنترۆڵکرد.
٥. لە سنوری پارێزگای نەینەوا، پێشمەرگە قەزاکانی (شێخانو شەنگال)و ناحیەکانی (باشیك و زومارو رەبیعەو سنونێ)و ژمارەیەك ناحیەی دەوروبەری موسڵو دەشتی نەینەوای کۆنترۆڵکرد.

کەواتە لەرێکەوتی ١٠ حوزەیرانی ٢٠١٤ دا، کورد توانی نزیکەی ٣٠٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە لە ناوچە دابڕێنراوەکان کۆنترۆڵ بکاتەوە. تا ڕۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر نزیکەی ١٤٠٠٠ کیلۆمەتر چوارگۆشەی خاکی هەرێم لەژێر دەستی عێراقدا مابووەوە. هاوکات لە دوای ١٠ حوزەیرانی ٢٠١٤ کورد نزیکەی ٦٧.٧ % خاکی ناوچە جێناکۆکەکانی


لەژێر دەستدابوو(**بڕوانە نەخشەی ژمارە ٦**).واتە تا ڕێکەوتی ١٦ی ئۆکتۆبەر تەنها ٣٢.٣ % خاکی ناوچە جێناکۆکەکان لەژێر دەستی کورددا نەبوو. (**بڕوانە نەخشەی ژمارە ٧**)
بەمجۆرە پاش ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکەی ٢٠١٧/٩/٢٥، دوای تەنها ٢١ ڕۆژ لەو بەروارەواتە لە ٢٠١٧/١٠/١٦و لەماوەیەکی کورتداو سوپاو حەشدی شەعبی تەواوی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کۆنترۆڵکردەوە، کە بە نزیکەی ٤٤٣٣٠ کم مەزەندە دەکرێت، بەرامبەرە بەرێژەی ٥١% خاکی کوردستان، ئەمانەش کۆی ئەو ناوچانە بون کە دوای هاتنی داعش، بەتایبەت لە ساڵی ٢٠١٤ ەوە بەخوێنی هەزاران پێشمەرگەی کوردستان لەدەستی داعش ئازاد کرابوون.

نەخشەی ژمارە (٦)




**سنوری دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەر لە ڕێکەوتی 16/10/2017**

نەخشەی ژمارە (٧)




**دیارترین ئەو شوێنانەی دوای 16 ئۆکتۆبەر کورد لە ناوچە دابڕاوەکان لە دەستیدان**

بەپێی بڕگەی ئەلف لەمادەی ٥٣ی دەستوری کاتی عێراق، سنوری ئیداری هەرێمی کوردستان ئەو سنورەیە کە لەژێر دەستی هەرێمدا بووە تا ساتەوەختی یەکەم لێدانی هاوپەیمانانە لەرژێمی بەعس لە رێکەوتی ٢٠٠٣/٣/١٩. بەو پێیەش روبەری گشتی باشوری کوردستان (٨٦٢٦٩) کم٢و سنوری ئیداری هەرێم روبەرەکەی (٤١٩٣٩)کم٢ بەرێژەی (٤٨.٦%) سنوری ناوچەی جێناکۆك (٤٤٣٣٠) کم٢ بەرێژەی (٥١.٤%).

ئەو ناوچانەی کەوتنە دەست حەشدی شەعبییەوە، پێکهاتووە لە سەرجەم ناوچە جێناکۆکەکان جگە قەزای ئاکرێ**و** ناحیەکانی (بەیجیل، دینارتا، گردە سین،

بەردەڕەش) کە پێش پرۆسەی ئازادی لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم بوون، بەپێی ڕاپۆرتی (یۆنامی) کە بە ڕاپۆرتی دیمستۆرا ناسراوە، ناوچە جێناکۆکەکان ئەم ناوچانە دەگرێتەوە؛

پارێزگای کەرکوک روبەرەکەی ( ٩٦٧٩ کم٢) لەگەڵ؛

- ناوەندی قەزای کەرکوک/ ناحیەکانی (مولتەقا، یایچی، شوان، قەرە هەنجیر، لەیلان، تازەخورماتو)
- دبس/ قەزای ناوەندو ناحیەکانی (پردێ، قودس)
- حەویجە/ قەزای ناوەندو ناحیەکانی (زاب، عەباسی، ریاز)
- داقوق/ قەزای ناوەندو ناحیەی (رەشاد)

لە پارێزگای نەینەوا ئەم ناوچانە دەگرێتەوە؛

- شەنگال / قەزای ناوەندو ناحیەکانی (سنونێ، قەیرەوان، قەحتانیە)
- تەلەعفەر/ قەزای ناوەندو ناحیەکانی (زومار، عیازیە، رەبیعە)
- تلکێف / قەزای ناوەندو ناحیەکانی (قوش،وانە، فایدە)
- شێخان / قەزای ناوەندو ناحیەی (فاروق)
- ئاکرێ / قەزای ناوەندو ناحیەکانی (بەیجیل، دینارتا، گردە سین، بەردەڕەش)
- حەمدانیە / قەزای ناوەندو ناحیەکانی (بەرتلە، نەمرود )
- مەخمور/ قەزای ناوەندو ناحیەکانی (گوێر، دیبەگە، قەراج، عەدنانیە)

لە پارێزگای سەلاحەدین ئەم ناوچانە دەگرێتەوە

- قەزای دوز خورماتوو **کە** روبەرەکەی (٣٣٦٥) کم٢ لەگەڵ قەزای ناوەندو ناحیەکانی (ئامرلی، سلێمان بەگ)

لە پارێزگای دیالە کە روبەری ناوچەی کوردستانی (١٣٨٨٤) کم٢ ئەم ناوچانە دەگرێتەوە:

- خانەقین/ قەزای ناوەندو ناحیەکانی (جەلەولا، سەعدیە)

- ناحیەی مەندەلی لە قەزای بەلەد روز.

واتە بەر لەهێرشو ڕوداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەر لە کۆی ١٦ قەزا لە ناوچە جێناکۆکەکان کورد ٨ قەزای لەژێردەستدابوو. بەڵام لە دوای ١٦ ئۆکتۆبەرەوە هێزە عێراقیەکان توانیان هەر ١٦ قەزاکە بخەنەوە ژێر دەستی خۆیان.

هاوکات لە کۆی ٤٤ ناحیە لە ناوچە جێناکۆکەکان، کورد ٢٣ ناحیەی لەژێردەستدابوو. بەڵام لە دوای ١٦ ی ئۆکتۆبەر هێزە عێراقییەکان هەر ٤٤ ناحیەکەیان کۆنترۆڵکردەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئێستا لە دوای روداوەکانی (١٦)ی ئۆکتۆبەر نەخشەی دابەشبونی هێزەکان بەم شێوەیەیە:

١. لە سنوری پارێزگای دیالە، هێزە عێراقییەکان گەیشتونەتە دوایین خاڵی سنوریی لە ناحیەی (کوڵەجۆ)ی نزیك قەزای کەلار.
٢. لە کەرکوك هێزە عێراقییەکان گەیشتونەتە بازگەی (چیمەن)و لەرێگای پردێشەوە گەیشتونەتە نزیك بازگەی (شێراوە).
٣. لە سنوری پارێزگای هەولێر، هێزە عێراقییەکان گەیشتونەتە ناو قەزای مەخمور کە لە (٢٠٠٣)وە لەژێر کۆنترۆڵی ئیدارەی هەرێمدا بو.
٤. لە رۆژئاوای موسڵ، هێزە عێراقییەکان سەرەڕای کۆنترۆڵکردنی قەزای شەنگالو ناحیەی سنونێ، گەیشتونەتە ناحیەی (زومارو رەبیعە)و چەند کیلۆمەترێك لە دەروازەی فیشخاپوری سەرسنوری عێراق – سوریاوە دورن.

بەوتەی سەرچاوە سەربازییەکانی عێراق، هێزە عێراقییەکان هێشتا بەمەش قایل نینو دەیانەوێت زیاتر بچنەپێشەوە، بەجۆرێك بەنیازن قەزای (شێخانو ئەلقوش)و ناحیەی (فایدە) کۆنترۆڵ بکەنو ئامادەکاریش دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی دەروازەی (فیشخاپورو ئیبراهیم خەلیل)، بەم هەنگاوەش دەتوانن بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەروازەیەك لەنێوان عێراقو تورکیا بکەنەوەو هاوکات سنوری نێوان باشورو رۆژئاوای کوردستانیش بەتەواوی لێکدابڕن.

## سسێیهەم. زیانەکان لەسەر ئاستی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان (ناوخۆییو هەرێمیو نێودەوڵەتی)

زیانو لێکەوتە سلبییە دیپلۆماسییەکانی ریفراندۆم ئەگەر زۆرتر نەبن کەمتر نین لە زیانەکانی دیکە بۆ هەرێمی کوردستان، ساڵانی داهاتو بەتەواوەتی کاریگەرییەکەیان لەسەر دۆزی کورد لە عێراقو ناوچەکەدا دەردەکەوێت.
شکستی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان یەکێک بو لەو هۆکارانەی پاش ئەنجامدانی ریفراندۆم هەرێمی کوردستانی پەراوێز خست، چونکە رۆژانە جگە لە هەڵوێستی فەرمیوڵاتانی هەرێمیو نێودەوڵەتی دەرباری ریفراندۆم، چەندینوەفدی دیبلۆماسی دەوڵەتان سەردانی دەسەڵاتدارانی هەرێمیان دەکردو جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە لە ئێستادا پرۆسەی ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ کورد گونجاو نیە.

(دۆگلاس سیلیمان)، باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق لە رێکەوتی ١١-٢٠١٧/٩/١٢ لەگەڵ سەرکردەی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان کۆبویەوەو سێ بژاردەی خستە بەردەمیان. یەکەم بژاردە دواخستنی ریفراندۆمو دوەمین بژاردە ئەنجامدانی ریفراندۆمە لەهەرێمی کوردستان لەو ناوچانەی کە دانی پێدانراون بەبێ کەرکوکو ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە، ئەمەریکا بێدەنگ دەبێت لەئەنجامدانی ئەم ریفراندۆمە بەڵام دان بە ئەنجامەکەیدا نانێت. بژاردەی سێیەمیش، ئەنجامدانی ریفراندۆم لەهەرێمی کوردستانو ناوچە جێناکۆکەکان. بەڵام ئەم ریفراندۆمە لای ئەمەریکا هیچ شەرعیەتێکی نیەو سوپای عێراقو گروپی دیکەی چەکدار پەلاماری کەرکوکو کێڵگە نەوتیەکان نەداتو دۆخەکە سەردەکێشی بۆ شەڕێکی گەورە.
هاوکات دۆگلاس سیلیمان بەلایەنە سیاسیەکانی هەرێمی راگەیاندبوو کە حکومەتی ئەمەریکا بەتەواوی پشتیوانی لەبژاردەی یەکەمو دواخستنی ریفراندۆم دەکات، لەبەرامبەریشدا ئامادەیە پشتیوانی سیاسیو سەربازیو ئابوری لەهەرێمی کوردستان بکات.
بەهەمان شێوە دوو رۆژ دواتر، (برێت ماکگۆرک) نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا لەهاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش لەگەڵ نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکانو ئەڵمانیا، سەردانی مەسعود بارزانیان کردو لە کۆبونەوەیەکدا پێشنیازی بەدیلێکیان کرد بۆ دواخستنی ریفراندۆم، بەڵام بارزانی ئەم بەدیلەشی رەتکردەوەو سوربو لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم لە ٢٥ ئەیلولدا .
لەلایەکی دیکەوە هەریەک لە (تورکیاو ئێرانو بەغدا) لەرێگەی سەردانی دیبلۆماسی (ئەردۆغان بۆ تارانو عەبادی بۆ هەریەک تارانو تورکیا) کۆبونەوەی سێ قۆڵی هەرسێوەزیرانی دەرەوەی تورکیاو ئێرانو عێراق لە لە شاری نیۆیۆرکی ئەمریکاو لە

پەراوێزی کۆبوونەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانو جوڵەو مانۆری سەربازی لەسەر سنوری هەرێمو کۆبونەوەی چەند جارێکی نێوانوەزیرانی بەرگریو سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیاو ئێران، هۆشداریدرا بە دەسەڵاتدارانی هەرێم لە ئەنجامنەدانی ریفراندۆمو گرتنەبەری رێوشوینی ئەمنیو سیاسیو ئابوری لە دژیان.
لەلایەکی دیکەوە حکومەتی تورکیاو ئەنجومەنی ئاسایشی تورکیا بەسەرۆکایەتی (رەجەب تەیب ئەردۆغان) سەرکۆماری تورکیا لەکۆشکی کۆماریی لەرێکەوتی ٢٠١٧/٩/٢٢ کۆبونەوەو پرسی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستانیان تاوتوێ کرد. پاش کۆبونەوەکە ئەنجومەنەکە رایگەیاند "سەرەڕای هۆشدارییەکانی ئێمە ئەگەر ریفراندۆم ئەنجامبدرێت، مافە نێودەوڵەتییەکانمان بەرامبەر هەرێمی کوردی عێراق بەکاردێنین". هەربۆیە داوایان لە هەرێمی کوردستان کرد دەستبەرداری ئەنجامدانی ریفراندۆم ببن پێش ئەوەی کات بەسەر بچێت."
هاوکات بینالی یەڵدرم سەرۆکوەزیرانی تورکیا رایگەیاند "بڕیاری ڕیفراندۆم پەیوەندی بەئاسایشی نەتەوەیی تورکیاوە هەیە کاتێک بێتە سەر باسی ئاسایشی نەتەوەیی، ناوەستین لەبەکارهێنانی ئەو مافانەی خۆمان کە لەڕێگەی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانەوە بەدەستمان هێناوە."
لەلایەکی دیکەوە (بەهرام قاسمی)وتەبێژیوەزارەتی دەرەوەی ئێران لەمیانی لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا هەڵوێستی فەرمیوڵاتەکەی لەسەر ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان راگەیاندو ئاشکراکرد، ئەوان لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراقدان.
بەهرام قاسمی جەختیشیکردەوە لەوەی ئێران هیچ پشتگیرییەکی ریفراندۆمی هەرێم ناکاتو دەبێت عێراقیش بەیەکپارچەیی بمێنێتەوە، کە ئێران بەئاشکرا پشتگیری ئەوە دەکات.
ئەم هەڵوێستەی ئێران لەکاتێکدا بوو کە پێشترولاتانی تورکیاو ئەمریکاو روسیاو ئەڵمانیاش بەفەرمیو لەرێگەیوەزارەتەکانی دەرەوەیان دژایەتی خۆیان بۆ ریفراندۆمی هەرێم راگەیاند، جەختیشیان لەیەکپارچەیی عێراق کردبووەوە.

رۆژی ٢٠١٧/٩/٢٣واتە دوو رۆژ بەر لە ئەنجامدانی ریفراندۆم (ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان) دوایەمین هۆشداری نێودەوڵەتی بە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان راگەیاند. ئەنجومەنی ئاسایش لە راگەیەنراوێکدا کە بەتێکڕای دەنگی ١٥ولاتی ئەندام دەرکرا، نیگەرانی لە ئەنجامدانی ریفراندۆم دەربڕیو بە هەنگاوێکی تاک لایەنانەیوەسفکرد کە هەڕەشەیە بۆ سەر سەقامگیرییو سەروەریو یەکپارچەیی خاکی عێراق. هاوکات ئەنجومەنی ئاسایش جەختیشی کردووەتەوە لەسەر

"چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵیو حکومەتی هەرێم لەچوارچێوەی دەستوری عێراقیداو لەڕێیوتوویێژێکی راستەقینە بە پشتیوانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی" سەرەرای ئەم هۆشداریو ئاگادارکردنەوانەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو بارزانی سوربوو لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کاتی خۆیدا.
پاش ڕەتکردنەوەی داواکاری نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمریکا، بەریتانیا،وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، فەرەنسا، ئەڵمانیا،وڵاتانی هەرێمی بەتایبەت تورکیاو ئێران، داواکاری ناوخۆیی لەسەر ئاستی عێراقو هەرێمی کوردستان، بارزانی سوربوو لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم، تەنانەت تا دواساتەکانی بانگەشەی ریفراندۆم بارزانی دەیگوت چاوەروانی بەدیلین ئەگەر بەدیلێکی گونجاو بگات بەدەستمان رۆژی ٢٥ ئەیلول لەبری ریفراندۆم ئاهەنگ دەگێرین. سەرئەنجام بارزانی سەرجەم هۆشداریو هەڕەشەکانیوڵاتانی دراوسێو جیهانی پشتگوێ خستو لەکاتی خۆیدا ریفراندۆمی ئەنجامدا.
پاش ئەنجامدانی پرۆسەکە بە چەند رۆژێک نامەیوەزیری دەرەوەی ئەمریکا (ریکس تیلەرسن) ئاشکرابوو کە دوو ڕۆژ بەر لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بەدیلی ئەمریکای بۆ دواخستنی ڕیفراندۆم ئاراستەی بارزانی کردبوو. تیلەرسنوەک بەدیلی پڕۆژەکە چەندین بابەتی خستەڕوو لەوانەش دانانان بەریفراندۆم ئەگەر بەغدا لەماوەی سالێکدا ریکەوتنەکانی جێبەجێنەکرد.
تیلەرسن، لەنامەکەیدا، پشتگیریواشنتۆنی بۆ جێبەجێکردنی چەند خاڵێك دەربڕیبوو لەماوەی ساڵێکدا، کە بریتی بوون لەجێبەجێکردنی مادەی ١٤٠و جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی دابەشکردنی دەسەڵاتو کێشەکانی پێشمەرگەو فرۆکەوانی مەدەنی.

بەڵام عینادیو سوربونی بارزانی لە ئەنجامدانی ریفراندۆم کاردانەوەی زۆر نێگەتیڤی بەدوای خۆیدا هێنا. لەوانەش ڕەتکردەنەوەی پرۆسەکە لەلایەن بەغداو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیووڵاتانی دراوسێ. لەکاردانەوەی ریفراندۆمەکەشدا راستەوخۆ دوای یەک رۆژ بەغداو ئێرانو تورکیا هۆشدارییەکانی بەر لەریفراندۆمیان خستە بواری جێبەجێکردنەوە، یەکەم کاردانەوەش خۆی لە گەمارۆدانی هەرێمی کوردستانو داخستنی سنوریوشکانیو ئاسمانی بەرویی هەرێمی کوردستاندا بینییەوە.
لەلایەکی دیکەوەوەک ئەوەی (دۆگلاس سیلیمان) پێشتر هۆشداری بەلایەنە کوردستانییەکانی دابوو، ئەگەر بێتو ریفراندۆم لە کەرکوکو ناوچە جێناکۆکەکان ئەنجام بدرێت ئەگەر هەیە پەلامارو شەڕ لەو ناوچانەدا روبدات. ئەم هۆشدارییە پاش تێپەربونی نزیکەی سێ هەفتە بەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆمەکەی هەرێم،وەک

خۆی بەدیهات. ئەوەبوو لە شەوی١٦ ئۆكتۆبەردا هێزەكانی سوپاو حەشدی شەعبی هێرشیانكردە سەر كەركوكو ناوچەكانی كوردستانییەكانی دیكە، بەڵام ئەوەی چاوەروان نەكراوبوو لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە ئەوەبوو لەو كاتتەدا هیچ جۆرێك لە هاوسۆزیو پشتیوانی لەلایەن هێزە نێودەولەتییەكان بۆ كورد دەرنەبردراو زۆرێكیان دۆخەكەیانوەك ململانێی ناوخۆییوێناكرد، ئەوان لەو كاتەدا بێلایەنی هەڵدەبژێرن. بۆ نمونە هەمان ئەو رۆژەی سوپای عێراق هێرشی كردە سەر كەركوك (دۆناڵد ترەمپ)ی سەرۆكی ئەمەریكا بە رۆژنامەنوسانی راگەیاند " ئێمە خوازیاری ئەو شەڕە نین كە لە نێوان كوردەكانو حكومەتی عێراقیدا رودەدات، بەڵام ئەمەریكا بێلایەنی هەڵدەبژێرێت" شیكەرەوە سیاسییەكانیش بێلایەنی ئەمەریكایان لەو دۆخەدا،وەك نیشاندانی رەزامەندیو پشتگیری ئەوولاتە بۆ هەنگاوەكانی حكومەتی عێراقی خوێندەوە.

لەهەمان رۆژدا (كۆلۆنێڵ رۆبێرت مانین)وتەبێژی پنتاگۆن لەبارەی ئەوەی ئایا ئەمەریكا هاوكارییە سەربازییەكانی بۆ حكومەتی عێراق رادەگرێت لەبەرامبەر بەكارهێنانی چەكی ئەمەریكی لەڕوبەڕوبونەوەی كوردەكان ئامادە نەبوو هیچ دڵنیاییەك بداتووەك ئاماژەیەك بۆوەرنەگرتنی هیچ هەڵوێستێك لەو روەوە تەنها گوتی كە ئەوان هانی هەردولا دەدەن بە دیالۆگ كێشەكانیان چارەسەر بكەن. ئەم لێدوانانەو نەبونی هەڵوێستی جدی بەرامبەر هێرشەكانئ سوپاو حەشد بۆ سەر ناوچە كوردستانییەكان، رونترین ئاماژەبون بۆ ئەو راستییەی كە هەرێمی كوردستان باجی ریفراندۆمیداو ئەمریكاش بە جۆرێك لە جۆرەكان رەزامەندی نیشاندا بۆ گێڕانەوەی هەرێمی كوردستان بۆ سنورەكانی پێش ساڵی ٢٠٠٣.

بەم جۆرە لەدوای ئەنجامدانی ریفراندۆم، رۆڵی هەرێمی كوردستان لەڕوی نێودەوڵەتییەوە پەراوێزخرا، بەجۆرێك پێش ریفراندۆم كەم كات هەبو بەرپرسێكی بالاّیولاّتانی ئەوروپاو ئەمەریكا لەگەڵ سەردانیكردنی بەغدا دواتر سەردانی هەرێمی كوردستان نەكات. بەڵام لەدوای ریفراندۆمەوە هەرێم توشی جۆرێك لە گۆشەگیری كرا. بۆ نمونە ئێوارەی رۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٣ ریكس تیلەرسۆن،وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا بەسەردانێك گەیشتە بەغدای پایتەختو لەگەڵ سەرۆكوەزیرانو سەرۆك كۆماری عێراق كۆبوەوە، بەڵام ئەوەی چاوەڕوانكراوبو، بە پێچەوانەی رابردوو،وەزیری دەرەوەی ئەمەریكا سەردانی هەرێمی كوردستانی نەكرد، ئەمەش ئاماژەیەكی رون بوو بۆ ئەوەی كە پێ دەچێ لەمەودوا بەشێك لە بەرپرسانی دەوڵەتان تەنها بێنە بەغداو بە بێ سەردانی هەرێم بگەرێنەوە بۆولاّتەكانیان.

توندکردنەوەی فشارەکانی سەر هەرێم هۆکار بوو بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە درەنگانێکی شەو ٢٠١٧/١٠/٢٤ لە بەیاننامەیەکدا سڕکردنی ئەنجامدانی ریفراندۆم رابگەیەنێتو داوای دەستکردنەوە بەگفتوگۆ بکات لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغدا.

فشارەکان بەردەوام بون، تا ئەوەی رۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٩ بارزانی نامەیەکی ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کردوو لەنامەکەدا رایگەیاند لەدوای بەرواری ١١/١/ ٢٠١٧ چیتر لە پۆستی سەرۆکی هەرێم بەردەوام نابێتو دوای تەواوبونیوادەی سەرۆکایەتی دەستبەرداری پۆستەکەی دەبێت. بەم جۆرە بارزانیوازی لە پۆستەکەی هێناو لەرێگای پەرلەمانەوە سەلاحیاتەکانی سەرۆکی هەرێم بەسەر هەر سێ دەسەڵاتی (پەرلەمان، دادوەری، جێبەجێکردنواتا حکومەت)دا دەبەشکرا.

لەلایەکی دیکەوە (نێچیرڤان بارزانی)، لەدوای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنیوەزیران لەرۆژی ٢٠١٧/١١/٦ رایگەیاند: "ئەگەر حکومەتی عێراق موچەو پشکی ١٧% ی بودجەی هەرێم بەپێی دەستوورو شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بنێرێت، ئێمە ئامادەین نەوتو فرۆکەخانەکانو دەروازەکانو سەرجەم داهاتەکانیان رادەست بکەین". ئەمە لەکاتێکدایە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٤ حکوومەتی هەرێمی کوردستانو حکوومەتی عێراق رێککەوتن، کە بەغدا ساڵانە ١٧%ی بودجەی عێراق بە هەرێمی کوردستان بدات، لە بەرامبەریشدا هەرێمی کوردستان رۆژانە ٥٥٠ هەزار بەرمیل نەوت لە رێی سۆمۆوە هەناردەی بەندەری جەیهانی تورکیا بکات، لەو رێژەیە ٣٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی کەرکووکو ٢٥٠ هەزار بەرمیلیش نەوتی هەرێمی کوردستان. ئەم رێکەوتنە تەنانەت لە پرۆژەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٥-٢٠١٦-٢٠١٧ شدا جێگیرکرا. بەڵام حکومەتی هەرێم ئەو رێکەوتنەیوەک خۆی جێبەجێ نەکردو سەربەخۆ دەستی کرد بە فرۆشتنی راستەوخۆی نەوت بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا.

بەڵام لەئێستادا حکومەتی هەرێم ئامادەیە سەرجەمی داهاتی نەوتو فرۆکەخانەکانو دەروازەکانو داهاتەکانی دیکە رادەست بەغدا بکات تەنها لەبری ئەوەی موچەو پشکی ١٧% بودجە رەوانەی هەرێمی کوردستان بکرێت. جیاوازی ئەم دوو هەڵویستەی حکومەتی هەرێم بەرامبەر داواکارییەکانی بەغدا، ئاماژەیەکی رونە بۆ سازشکردنو پاشەکشەکردنو لاوازبونی پێگەی سیاسیو دیبلۆماسی ئێستای هەرێم بەراورد بە بەساڵانی رابردوو لە بەرامبەر بە حکومەتی بەغدا.

### چوارەم. زیانە مادیی‌و گیانییەکان

شەوی ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ هێزەکانی سوپاو حەشدی شەعبی، لە چەند قۆڵێکەوە هێرشیانکردە سەر چەند ناوچەیەکی جیاواز لە سنوری ناوچە دابراوەکان‌و چەند کاتژمێرێکدا زیاتر لە ٤٠ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەی خاکی باشوری کوردستان لەدەستدرا.

لەدەرئەنجامی ئەو هێرشانەش کورد پارێزگایەك‌و ١٦ قەزاو ٤٤ ناحیەو سەدان گوندی لەدەستچوو. جگە لەو زیانانەی کەلەم هێرشانە لە کورد کەوتن لەروی لەدەستدانی خاك‌و بەرژەوەندی ئابوری، هاوکات هێزە کوردییەکان‌و هاونیشتیمانیانی کورد لەو سنورانە زەرەرمەندی یەکەم بون‌و لەروی مادیی‌و گیانییەوە زیانی زۆریان بەرکەوت.

بەنمونە لە ئەنجامی روبەروبونەوەی هێرشەکانی حەشدی شەعبی ژمارەیەک پێشمەرگەو هاولاتی شەهیدو برینداربون بەتایبەت لە سنوری (کەرکوک، دوزخورماتووو پردێ ...)، لەمبارەیەوە (جەبار یاوەر) ئەمینداریوەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایگەیاند "لە شەڕی پێشمەرگەو هێزەکانی عێراقدا ٦٠ پێشمەرگە شەهیدبوون‌و ١٥٠ پێشمەرگەی دیکەش برینداربوون" ئەمە جگە لە ژمارەیەک هاونیشتیمانی دیکە کە بەهۆی ئەو هێرشانەوە بونە قوربانی.

یەکێکی دیکە لە سیما دیارەکانی پەلامارەکانی شەوی ١٦ی ئۆکتۆبەری هێزەکانی عێراق‌و حەشدی شەعبی بۆ سەر پاریزگای کەرکوک‌و ناوچە دابراوەکانی دیکە، ژمارەیەکی زۆر هاولاتی کوردی ئەو ناوچانە بەهۆی ترس لە پەلاماری هێزەکانی حەشد ماڵ‌و گوزەرانی خۆیان جێهێشت‌و ژیانی ئاوارەبونیان هەڵبژاردو رویانکردە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. بەپێی ئامارەکان لە ئەنجامی ئەو هێرشانە نزیکەی ٢٠٠ هەزار هاولاتی ئاوارەبون‌و زێدی خۆیان بەجێهێشت. لەو نێوانەدا قەزای خورماتوو قوربانیدەری سەرەکی ئەم هێرشانە بوو، بەتایبەت لەسەر دەستی هێزەکانی حەشدی تورکمانی، کە بونە هۆکار بۆ سوتاندن‌و روخاندن‌و کاولکردنی زۆرترین ماڵ‌و دوکانی هاولاتیانی کورد لەو شارەدا. لێرەدا هەوڵدەدەین بە ژمارە ئامارەی بۆ بکەین.

ئاماری کاولکاری‌و قوربانییەکانی قەزای دوزخورماتوو لەنێوان رێکەوتی ٢٠١٧/١٠/١٦ بۆ ٢٠١٧/١٠/٢٣

١. ژمارەی دانیشتوانی خورماتوو ١٨٦٠٠٠ هەزار کەسە، لەو ژمارەیە ١٢٦٠٠٠ کەس ئاوارە بون.

٢. ژمارەی ئەو خانوانەی کە تەقێندراونەتەوە: ١٥٢ خانوو.

٣. ژمارەی ئەو بارەگا حیزبیانەی کە تالان‌و سووتێندراون: ١٢ بارەگا.

٤. ژمارەی ئەو دەزگا ڕاگەیاندانەی کە تاڵانو سووتێندراون: ٥ ڕادیۆ ١ تەلەفیزۆن.
٥. ژمارەی ئەو خانوانەی کە تاڵانو سووتێندراون: ١١٠٢ خانوو.
٦. ژمارەی ئەو دوکانو مۆڵانەی کە تاڵانو سووتێندراون: ٣٨٠ دوکان.
٧. ١٩ کارگەو چێشتخانانە تاڵانکراوو سووتێندراون.
٨. ژمارەی ئەو کەسانەی کە شەهیدو کوژراوو بریندارن لە ئەنجامی شەڕەکەی دوزخورماتوو، ١١٢ کەس شەهیدو کوژراوو ٢٩٧ بریندار لەسەرجەم هێزو لایەو هاونیشتیمانیانی شارەکە.
٩. ژمارەی ئەو خێزانانەی کە ئاوارەبوون ٣١٠٠٠ خێزان.

نەخشەی ژمارە (٨) گەرانەوەی کورد بۆ سنورەکانی پێش ساڵی ٢٠٠٣



## دەرئەنجام

عینادیو سەرکێشی بارزانیو پارتە بەشدارەکانی نێو ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم، لەپاڵ گوێ رانەگرتن بۆ هۆشداریو ئاگادارییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، چارەنوسو ئایندەی سیاسی قەوارەی هەرێمی کوردستانی روبەروی پاشەکشەو شکستو دۆخێکی دژوار کردەوە.

شکستی ئەمجارەی هەرێمی کوردستان لە دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی ٢٥ ئەیلولی ٢٠١٧، هیچی کەمتر نییە لە نسکۆو شکستەکانی کورد لە ڕابردودا. بەوپێیەی ئەم ریفراندۆمە هەرێمی کوردستانو دۆزی سەربەخۆیی کوردی چەندین دەیەو قۆناغ گێرایەوە دواوە، چ لەسەر ئاستی کوردستان، چ لەسەر ئاستی عێراقو ناوچەکەو جیهان. ئەوە جگە لەو زیانەی کە بەر قەوارەی هەرێمی کوردستان کەوت لەروی (خاک، سەرچاوەکانی داهاتو داراییو پێگەی سیاسیو دیبلۆماسیو زیانی گیانیو ماددی ...).

لەسەر ئاستی عێراق، هەرچەندە بریاربوو لە دوای هێرشەکانی ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بۆ سەر ناوچە دابراوەکانی کورستان بە پێی دەستور مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکرێت، بەڵام ئاکامەکانی پاش ریفراندۆمو ناوهێنانی هەرێمی کوردستان لەلایەن زۆرینەی لایەنە عێراقییەکان بە پارێزگاکانی باکوری عێراق، ئاماژەیەکی روونە بۆ هەوڵدانی ناوەند بۆ بچوکردنەوەی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستانو ناوهێنانی لە چوارچێوەی پارێزگاکانی عێراقدا.

جگە لەمانە هەرێمی کوردستان لە دوای ١٦ ئۆکتۆبەر، جیا لەزیانە گیانییەکان، نزیکەی ٤٤ هەزار کم چوارگۆشە کەبەرامبەرە بە نزیکەی ٥١% خاکی کوردستانیان لەدەستدا. هاوکات سێ کێڵگەی گەورەی نەوتی کە زیاتر لە ٥٣٥ بیرە نەوت لە خۆ دەگرت، بەم جۆرەش رۆژانە هەرێمی کوردستان نزیکەی ٢٧٥ هەزار بەرمیل نەوتی لەدەستدا. هاوکات داخستنی مەرزەکانی هەرێمو بریاری راگرتنی گەشتو بەمەرکەزی کردنی فرۆکەخانەکانی هەولێرو سلێمانی، خاڵێکی دیکەیە کە زیانی گەورەی لە داهاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان گەیاندووە، بەم جۆرەش هەرێمی کوردستان لە ئاکامدا نزیکەی ٦٠% داهاتو سەرچاوەی دارایی لەدەستدا.

پێشبینی دەکرێت دۆخی ئابوری هەرێمی کوردستان لە ئایندەدا، روو لە خراپ بونو چەقبەستوی زیاتر بکات، بەتایبەت دوای ئەوەی لە پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٨ عێراق، پشکی هەرێمی کوردستان لە ١٧% کەمکرایەوە بۆ ١٢%. بەم جۆرە بێت چیتر هەرێمی کوردستان ناتوانێ موچەی فەرمانبەرانی هەرێم بە بێ پاشەکەوت دابین بکات، چونکە تا ئەم ساتەوەختە بریارە حکومەتی عێراق بەپێی ئەو لیستەی موچە

خۆران مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکات کە لەلای خۆیەتی، بەنزیکەی ٦٨٢ هەزار موچە خۆر دادەنرێت، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان لە ئێستادا زیاتر لە ١ملیۆنو ٢٠٠و ٤٩ هەزار موچە خۆری هەیە. ئەگەر بێتو لەکاتی خۆیدا بەشە بودجە عێراق بگاتە هەرێمی کوردستان ئەوا پێشبینی دەکرێت موچەی فەرمانبەران بەپێی ئەو لیستەی رەوانە بکرێت کە لەلای عێراق دیاریکراوە، لەبەرامبەردا ئەو بەشە بودجەیەی کە لە بەغداوە رەوانە دەکرێت دابەش دەکرێت بەسەر سەرجەم موچە خۆرانی هەرێمدا، بەم پێیەش بێت سیستەمی پاشەکەوتی موچە بەردەوام دەبێت. چونکە چیتر هەرێمی کوردستان لە توانایدا نییە، بەداهاتی ناوخۆ موچەی فەرمانبەران دابین بکات، بەتایبەت پاش لەدەستدانی کێڵگە نەوتییەکانی ئاڤاناو بای حەسەنو عەینزالە، لەگەڵ راوەساتانی گەشتی فرۆکەخانەکانی هەولێرو سلێمانیو داخستنی خاڵە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش پرسی کورد زیانێکی زۆری مەعنەویو دیبلۆماسیو سیاسیو سەربازیو ئابوری بەرکەوت، لەکاتێکدا پرسی کورد بەتایبەت دوای ساڵی ٢٠١٤و دروستبونی جەنگی داعش جۆرێک لە هاوسۆزیو پشتیوانی نێودەوڵەتی بەدەستهێنابوو. بەتایبەت کە هێزەکانی کورد لەسەر ئاستی عێراقو سوریا شەرکەری یەکەمی مەیدانی بون دژ بە رێکخراوی داعش هاوشێوەکانی، لەبەرامبەردا هێزەکانی هاوپەیمانی نیودەوڵەتی بەردەوام پشتیوانی سەربازیان بۆ کورد رەوانە دەکرد. بۆ نمونە بریاربوو بۆ دوای داعش زیاتر لە یەك ملیار دۆلار بۆ راهێنانی هێزە کوردییەکان لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دابین بکرێ، بەڵام لە ئایندەدا ئەو برە پارەیە رادەستی عێراق دەکرێو بریار لەدەست حکومەتی ناوەندیدا دەبێت کە هیزە کوردییەکان سود لەو پشتیوانییە داراییەوەربگرن یاخود نا.
دواجار سوبون لەسەر بریاری ئەنجامدانی ریفراندۆمو گوێ نەگرتن لە بۆچونی هێزەکانی نێو هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بە داعش، بۆ ئەنجامنەدانی ریفراندۆم لە هەرێمی کوردستان، هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی لەکاتی پەلامارەکانی هێزەکانی سوپاو حەشدی شەعبی بۆ سەر کەرکوکو ناوچەکانی دیکە هێزە نێودەوڵەتییەکان هیچ پشتیوانیو هاوسۆزییەک بۆ کورد دەرنەبڕنو تەنانەت پەلامارەکانی حەشد بۆ سەر کوردستانوەک جوڵەی سەربازیو ئاساییو پرسی نێوخۆی عێراق خوێندنەوەی بۆ بکەن. سەرئەنجام ریفراندۆم بوو بە باشترین پاساو بۆ شەرعییەتدان بە بەغدا بۆ هێرشکردنە سەر ناوچە دابراوەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام لە ئەگەری رازیبونی بارزانی بە بەدیلەکەی ئەمریکا گرەنتی دەبوو بۆ ئەوەی ئەمریکا رێگەی بە

هێرشکردنی سوپاو حەشدی شەعبی نەدات بۆ سەر هەرێمی کوردستانو لە خراپترین دۆخیشدا نێوەندگیری دەکرد بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە بە ئیدارەی هاوبەش بەرێوەببرانایە. لەلایەکی دیکەوە بەردەوام ئەمریکاو ئەوروپا بەرامبەر هەژمونی ئێران لە عێراقدا پشتیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دەکرد، بەڵام لە ئێستادا هەموانوەک پشتیوانی حکومەتی ناوەندی دەردەکەونو داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بگەڕێتەوە بۆ بەغداو پابەندبون بۆ دەستوری عێراق دوپات بکاتەوە.

# سەرچاوەکان

**کتێبو سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان**


١. فەرهاد حەمزە، مێژووی نەوتی کەرکوک، ئەکادیمیای بیرو هۆشیاری، سلێمانی ٢٠١٢.
٢. یوسف محمد بەرزنجی، چارەنوسی کورد بترۆل (وەك مەسەلەیەکی ستراتیژی)،چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی،٢٠١٢.
٣. دۆگلاس سیلیمان باڵوێزی ئەمریکا لە عێراق :ریفراندۆم کارتێکی سیاسی بەهێزە بەڵام هەر بەکارهێندرا هەموو ئەو هێزەی لەدەست دەدات، ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە ٥٩٢، ل ٢، سێ شەممە١٢/٩/٢٠١٧.
٤. محەمەد ڕەوف، لە ٥ کاتژمێردا ڕوبەری ١٢ هەزار کیلۆمەتر لە خاکی کوردستان لەدەستدرا، ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە ٥٩٧، ل٣ ، سێ شەمە ١٧/١٠/٢٠١٧.
٥. ئێرانو عێراق ڕێککەوتنێکی نوێیان لەبارەی نەوتی کەرکوک ئاشکرا کرد؛ لینکی بابەت؛
http://www.kurdistan4.com/Topic_5317_10
٦. عەلی حەمە ساڵح، نەوتی کەرکوک چی لێدێت؟ چۆن دەفرۆشرێت؟ داهاتەکەی بۆ کێیە؟، لینکی بابەت؛
http://www.penusakan.com/Article-69
٧. ئەلێکساندەرویتکامب، کوردستان نەوتی بای حەسەنو ئاڤانا دەفرۆشێ، لینکی بابەت؛
http://www.rudaw.net/sorani/business/03112014
٨. ڕێبین فەتاح،وردەکاری ململانێکانی پارتیو یەکێتی لەسەر نەوتی کەرکوك، لینکی بابەت؛
http://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=....
٩. بێستوون ئەحمەد کەمال، نەوتی کەرکوك: دەرچەیەکی تری ململانێ سیاسییەکان، لینکی بابەت؛
http://azhans.krd/%D9%86%DB....
١٠. هاتوچۆی بازرگانی لە دەروازەکانی باشماخو پەرویزخانو حاجی ئۆمەران ڕاگیرا، لینکی بابەت؛
http://www.knnc.net/Drejey-hawal.aspx?id=107482&LinkID=1&video=True&leguaid
١١. وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن: داهاتی مانگی ڕابردوو زیاتر لە پێنج ملیار دینار بووە، لینکی بابەت؛
http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=81347
١٢. وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن داهاتی مانگی تەموزی ساڵی ٢٠١٧ ئاشکرا دەکات، لینکی بابەت؛
http://motac.gov.krd/ku/News/1297
١٣. سنوری ئیداریی هەرێمی کوردستان لە پێش ریفراندۆمو دوای ریفراندۆم، لینکی بابەت؛
http://sbeiy.com/?p=44886
١٤. بەڕێوەبەری مەرزی باشماخ: بەهۆی داخستنی مەرزەکەوە نزیکەی ١٤ ملیار دینار داهاتی مەرزەکە کەمی کردووە، لینکی بابەت؛
http://www.knnc.net/Drejey-hawal.aspx?id=108963&LinkID=1&video=True&leguaid=
١٥. ڕاوێژ کامەران، ڕۆژی یەك ملیۆن دۆلار زەرەر باڵەکانی هەرێمی کوردستان شکاون، لینکی بابەت؛
http://www.niqash.org/ku/articles/economy/5769..
١٦. کەس نازانێت خێروبێری داهاتی کوردستان بۆ کێیە، لینکی بابەت؛
http://www.niqash.org/ku/articles/economy/3626..
١٧. زیانی داخستنی فڕۆکەخانەکانی هەرێم لەم مانگەدا گەیشتۆتە ١٧ ملیۆن دۆلار، لینکی بابەت؛
http://www.knnc.net/Drejey-hawal.aspx?id=109160&LinkID=1&video=True&leguaid=
١٨. وەزارەتی پێشمەرگە: لە شەڕی هێزەعێراقییەکاندا زیاتر لە ٦٠ پێشمەرگە شەهیدبوون، لینکی بابەت؛
http://www.nrttv.com/Details.aspx?Jimare=88968
١٩. هەرێم: KNN بەژمارە ڕووبەری خاکی لەدەستدراوی هەرێم لە ١٦ی ئۆکتۆبەر دەخاتەڕوو، لینکی بابەت؛
http://www.knnc.net/Drejey-hawal.aspx?id=109442&LinkID=4&video=True&leguaid=
٢٠. ئەنجومەنی ئاسایشی تورکیا: مافە نێودەوڵەتییەکانمان بەرامبەر هەرێم بەکاردێنین، لینکی بابەت؛
http://www.awene.com/2017/09/22/60044/
٢١. ئێران بەفەرمی هەڵوێستی خۆی لەسەر ریفراندۆمی هەرێم ڕاگەیاند، لینکی بابەت؛
http://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=88901

٢٢. بەدیلەکە گەرەنتی تێدابووەو رەتکراوەتەوە دەقی نامەکەیوەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ بارزانیوەك بەدیلی دواخستنی ریفراندۆم ئاشکرادەکرێت، لینکی بابەت؛
http://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=97667

٢٣. بەغدا لە ٢٠١٧ پشکی ١٧%ی بودجەی کوردستان دەنێرێت، لینکی بابەت؛
http://wishe.net/dreja.aspx?Jmare=51381&Jor=1

٢٤. بەغداد بەشە بودجەی هەرێم بەم مەرجە دەنێرێت، لینکی بابەت؛
http://netewe.net/item.php?id=18964

٢٥. نێچیرڤان بارزانی: بەغدا مووچەو ١٧% بنێرێت، سەرجەم داهاتەکانی رادەست دەکەین، لینکی بابەت؛
http://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/061120177

٢٦. تقرير: بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق (يونامي)، الحدود الداخليه المتنازع عليها (جزء الاول)
٢٧. تقرير: بعثة الامم المتحدة لمساعدة العراق (يونامي)، الحدود الداخليه المتنازع عليها (جزء الثاني)
٢٨. مجلس الأمن يرفض الاستفتاء على انفصال كردستان العراق، على الموقع؛
http://www.aljazeera.net/news/arabic/2017/9/21...
٢٩. مجلس الأمن القومي التركي يحض إقليم كردستان على إلغاء استفتاء الانفصال عن العراق "قبل فوات الأوان"، على الموقع:
http://www.bbc.com/arabic/middleeast-41369397

٣٠. تركياوإيرانوالعراق تهدد بإجراءات ضد استفتاء إقليم كردستان العراق، على الموقع:
http://www.bbc.com/arabic/middleeast-41356481
٣١. بريت ماكغورك: البارزاني طالب ببديل الاستفتاءونحن قدمنا بديلنا بالتنسيق مع بغدادوبعض الأطراف على الموقع:
http://www.rudaw.net/arabic/kurdistan/1409201710
٣٢. قاسمی: عراق یکپارچه ضامن منافع همه مردم این کشور خواهد بود:
http://www.irna.ir/fa/News/82560031

33. U.S. 'not taking sides' in Iraqi-Kurdish dispute: Trump, at;
https://www.reuters.com/article/us-mideast-crisis-iraq-kurds-trump/u-s-not-taking-sides-in-iraqi-kurdish-dispute-trump-idUSKBN1CL2QC
34. Sam Wilkin, A Squabble at Iraq's Oldest Oil Field Could Rock Global Supplies, at;
https://www.bloomberg.com/news/articles/2017-04-02/how-a-squabble-at-iraq-s-oldest-oil-field-can-roil-world-supply
35. Javier Blas, Iraq Turmoil Threatens Billions in Oil Traders' Kurd Deals, at;
https://www.bloomberg.com/news/articles/2017-10-18/iraq-turmoil-threatens-billions-in-oil-trader-deals-with-kurds
36. Khaild AlAnsary, Kadhim Ajrash and Anthony Dipaola, Iraq-Kurd Clash Cuts Oil Output at Disputed Kirkuk Fields
https://www.bloomberg.com/news/articles/2017-10-17/iraq-kurd-clash-cuts-oil-output-at-disputed-kirkuk-fields
37. New Oilfield Services Company Registration System Opens for Applications, at;
http://mnr.krg.org/index.php/en/press-releases/580-new-oilfield-.services-company-registration-system-open-for
38. Alaa Shahine, Iraqi Kurds Offer to Freeze Independence Referendum Results
https://www.bloomberg.com/news/articles/2017-10-25/iraqi-kurds-offer-to-freeze-independence-referendum-results
39. KURDISTAN OIL PRODUCTION, BY FIELD & BY OPERATOR, JANUARY 2015 – SEPTEMBER 2016, (DATA PROVIDED BY THE OIL PRODUCING COMPANIES OPERATING IN THE KURDISTAN REGION), at;

http://mnr.krg.org/images/pdfs/Kurdistan_Oil_Production_Field_Operator_2015_2016_1.pdf

40. Son dakika... Kritik MGK sona erdi
https://www.cnnturk.com/son-dakika-kritik-mgk-sona-erdi

**گرافیکو نەخشەکان**

٤١. **کەناڵی ئاسمانی KNN**

٤٢. قائمة حقول نفطوغاز العراق، على الموقع:

https://marefa.org/%D9%82...

٤٣. المناطق المتنازعة عليها تحت سيطرة الحشد الشعبيّ، على الموقع:
http://furatfm.com/%D8%A7...

٤٤. إقليم شمال العراق يفقد نصف ثروته النفطية عقب خسارة كركوك، على الموقع:
http://aa.com.tr/ar/info/%D8%A5...

٤٥. بغداد تطالب "البيشمركة" بالانسحاب إلى مناطق سيطرتها قبل ٢٠٠٣، على الموقع:
http://aa.com.tr/ar/info/%D8%A5...